ژنە تێکۆشەری کورد، سورەیا فەلاح:

## بەشداریی ژنان لە بوارە سیاسییەکاندا لە سیستەمی دیکتاتۆری‌و زۆرداریدا لەگەڵ سیستەمی دێموکراتیکدا زۆر جیاوازە

۱۳۸۷-۵-۱۷

بە شی یە کە م



**لەم دواییانەدا کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئامریکای باکوور، بیستەمین کۆنفرانسی ساڵانەی خۆی بەرێوە برد. بەرێزتان یەکێك لە بەشدارانی ئەم کۆنفرانسە بوون. سەرەتا پێمان خۆشە لە سەر نێوەرۆکی ئەم کۆنفرانسەو بریارەکانی بە کورتی بۆمان بدوێن؟**

کونفرانسی ساڵانەی کۆنگرەیی نەتەوەیی کورد لە ئامریکا ئەمساڵ لە رۆژانی‌تا ۱۱ی۱۰ مانگی ئادار لە شاری واشینگتۆن پێتەختی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بەرێوە چوو. ئەم کۆفرانسە لە ژێر ناوی رێگاچارەی دێموکراتیك بۆ مافی چارەنووسی کوردو بە بەرزکردنەوەی ئالای کوردستان لە شەقامێکی نزیك کۆنگرێسی ئامریکا دەستی پێ کرد. بە دوای ئەودا پەیامەکانی میوانەکان خوێندرایەوە.

لە لایەن PDKIەوە، کاك شەریف بێهرووز، نوێنەری حیزب لە ئامریکا پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەرێز کاك مستەفا هیجریی خوێندەوە کە دەقی ئەو پەیامە بە زمانی ئینگلیزیش پێشکەش بە بەشدارانی کۆنفرانسەکە کرا. لێرەدا دەبێ بڵێم کە شاندی حیزبی دێموکرات بەشدارییەکی زۆر بەرچاوو چالاکانەی لە هەموو دانیشتنەکانی ئەم کۆنفرانسەدا هەبوو.

لە رۆژی یەکەمی کار کۆنفرانسدا، دامەزرێنەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە ئامریکای باکوور، بیرەوەریی‌و بۆچوونەکانیان بە بۆنەی 20 ساڵ تێکۆشانی کۆنگرەیی نەتەوەیی کوردیان دەربڕی.
بە داوی پێشکەش کردنی راپۆرتی ساڵانەی کارو چالاکییەکانی کۆنگرە، لە لایەن سەرۆکی کۆنگرە، دوکتوور سامان شالی، چەند کۆرو سێمینار بۆ کەسایەتییە سیاسی‌و ئاکادێمیسیەنەکانی کوردو بیانیی بەشدار لە کۆنفرانسدا بەرێوە چوو. کۆرەکان لە ژێر ناوەکانی: سیاسەتی هەرێمە کوردییەکان‌و سەربەخۆیی کوردستان، گیروگرفتی کوردەکان لە دەرەوەی وڵات، دوا ئەنجام‌و دەرئەنجامەکانی سەربەخۆیی، گیروگرفتەکانی سەر رێگای گەنجانی کورد لە دەرەوەی وڵات، شارستانییەت‌و کاریگەرییەکانی لە سەر مەسیحییەت‌و کولتووری رۆژهەڵات.
لە دوایین بەشی کۆنفرانسەکەدا، راپۆرتی کارو چالاکییەکانی دوو کومیتەیی ژنان‌و کۆمیتەی ئێران سەر بە KNC، خرایە بەر بۆچوونی کۆنفرانس. دوکتوور ئازاد موردایان بەرپرسی کۆمیتەی ئێرانی کۆنگرە، دوایی پێداچوونەوە لە سەر چۆنییەتی پێکهاتنی ئەم کۆمیتەوە، باسی لە تەوەرەکانی سەرەکیی پێکهاتنی بەرەی یەکگرتووی کورد، بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی

ئێران لە دەرەوەی وڵات، پێوەندی لەگەڵ سیاسەتڤانانی رۆژهەڵاتو ئامریکا، کۆسپو ئاستەنگەکانی گەیشتن بەم ئامانجانەی خستە بەرچاوی بەشدارانی کوردەوە. منیش وەك بەرپرسی کۆمیتەی ژنان، ئاماژەم بە چالاکییەکانی کۆمیتەی ژنان لە ساڵی رابردوودا کردو رێژەی چالاکییەکان لە راپۆرتەکەدا زۆر بەرچاو بوون.
پێشکەش کردنی راپۆرتی چالاکییەکانی دەستەی بەرێوەبەریی KNC لە دوو ساڵی رابردوو بەشێکی دیکەی کارەکانی کۆنفرانس بوو. بەشی کۆتایی کۆنفراسیش، دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی بەرپرسانو بەرێوەبەرانی کۆنگرە بۆ دوو ساڵی داهاتوو بوو. 8 کەس وەك دەستەی بەرێوەریی هەڵبژێرانو ئەمساڵ دوکتوور کرمانج گوندی وەك سەرۆکی KNC هەلَبژێردرا. ئەمە تەنیا کورتەیەك لە کارو بارەکانی پێوەندیدار بە کۆنفرانسەکە بوون.
دەکرێ بزانین کە چ هۆکارگەڵێك بوونە هۆی گەشەسەندنو دەرکەوتنی کەسایەتیی‌یەکی ژن وەك سورەیا فەلاح لە نێو گۆرەپانی سیاسیو کۆمەڵایەتی کوردستاندا؟
زۆر بۆم سەیرو سەمەرەیە کاتێ کە تەماشای دواوە ئەکەمو بیر لە ژیانی رابردووم ئەکەم، دەبینمو دەرك دەکەم کە چەندە دەمی رانەبردوومو داهاتووم بە دەستی رابردوومەوە دارێژاوە یان کە چەندە بیرو تێڕوانینەکانم گەشەیان سەندووەو یان کە سنووری بە دەوردا کێشراوە.
زۆر دڵڤەکەرە کە دەرك دەکەم چەندە تێگەیشتووم لە خۆمو ناسینی جیهانی چەندە لە مافەکانمو بەرزخوازییەکانم لە نێوان تاقیکاریو رووداوەکان پێك هاتووە، سکی دایکم، نیشتمانی بێ سجیلو بێ ناسنامەم. نەتەوەی بەها کەم کراوم، ئەو جێگەی تێدا گەورە بوومو شتی تێدا فێر کراومو ئەو کاتانەی وا لە سەر جێگەی خۆمدا ماتو وشکی کردوومو چۆنیەتی ئەمڕۆی منو کێ بوونی منی بەیانی روونو پێناسە دەکات.
ئەمە مێژووو پێشینەی منە، سەرکەوتنمو خەمەکانی، پێگەیشتنو لە دەستدانم، هیواو ویستی ناتەواوو دوورو درێژم، خەونو ئاواتێك کە لەوە دەچێ هەرگیز دەستی بە سەردا نەگیرابێت.
ئەو شتەی هەڵمبژاردو بۆ خوێندن لە زانکۆ، هەر ئەو شتەیە کە وەرگیراو لە سەفەری ژیانمە. ناسینی خۆم وەك کوردێك، یەکێك لە چل میلیۆن مرۆڤ کە نیشتمانێکی نیە کە نێوی بنێ "ماڵ" کە هێشتا مافی قسە کردن بە زمانی شیرینی دایکی خۆی نیە، شانسی شایی گێرانی بە کولتوورو رابردووی خۆی نیە، رۆڵێکی زۆر گەورەی لە چۆنیەتیی بەرهەمهاتنی منداو چۆنیەتی بەردەوامبوونی من لە سەر بیرو باوەڕەکەم دانا.
لە زۆربەی کاتەکاندا، مرۆڤ حەقی هەڵبژاردنی پێ نەدراوە، لەدایکبوونو لێدانێکی توند لە کاتی لەدایکبوون، سزای بێتاوانی کێشانی ژیانێکی پڕ لە زەختو زوڵمی زاڵم، دەرکردن لە وڵاتو زیندانی‌کردن، بەڵام لە کاتێکەوە مافی هەڵبژاردنم هەیە، ئەمەوێت ژیانم پێشکەش بە گەشەسەندنو پەرەپێدان بە مافی مرۆڤو مافی نەتەوەیی کوردو مافی ژنو منداڵ بکەم، فێر بم چۆن بەشدار بمو بەشداری بکەم.
گەورە بوونو پێگەیشتن لە بنەماڵەیەك بە چەند خۆشكو براو هۆزو تایفەیەکی گەورە، قسەکردن بە زمانێك لە ماڵەوەو ناچار بوون بە زمانێکی دیکە لە قوتابخانە، گەورەبوون لە سەردەمی شەڕو تێکهەڵچوون، ناسینی رەنجی زەحمەتکێشان، ناسینی ترسو دیتنی ئەو لە چاوی منداڵیماو، منداڵانی بێگوناحو ترساو لە ژێر بۆمبارانی دوژمن، گەورە بوون لە نێو جیهانی پڕ لە هەستی گەیشتن بە ئازادی منی بۆ خەباتو شەڕ بۆ گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا پەروەردە کرد. لە چەپی شۆڕشگێڕەوە، دەستم پێ کردو جۆشو خرۆشی شۆڕشگێڕانەم پەروەردە بوو، بە جیهانەوە دەستم پێ کرد، گەیشتم بە ناسینی کورپەی نیشتمان.
رێژەی ژنان لە نێو بەڕێوەبەری رێکخراوە سیاسی، کۆمەڵایەتییەکانو هەروەها حیزبە کوردییەکاندا زۆر کەمڕەنگەو ئەمە وەك خاڵێکی لاواز دەژمێردرێت. لە نێو کۆنگرەی نەتەوەیی کورددا، بەشداری ژنان لە چ ئاستێك دایەو ژنان چەندە لە بەڕێوەبردنی ئەم

ڕێکخراوەدا ڕۆڵیان هەیە؟
لە نێو کۆنگرەی نەتەوەیی کورددا، ژنان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، ڕێژەیان لە نێو کۆنگرەدا زۆرە، لە کۆمیتەی ناوەندیی 2 کەس لە 8 کەسەکە ژنین‌و لە ناو لێژنەکاندا ژنان بە زۆرو کەمەوە بەشدارن. ئەمساڵ چوار ژنی غەیرە کورد بۆ کارو بارەکانی کۆنگرە زۆر زەحمەتیان کێشابوو، خەڵاتی شانازیی "Honoring Award"یان وەرگرت. هەروەها لێژنەیەکی جیاواز لە سەر ژنان لە نێو کۆنگرەدا هەیە کە ساڵی ڕابردوو کۆنفرانسێکی گەورەی نێونەتەوەیی لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان پێك هێناو کۆنفرانسەکەشی پێشکەش بە سورەیا سراجەدینی، ژنی کوردی تێکۆشەری نێو کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کرا کە بەداخەوە کۆچی دوایی کردبوو. پێویستیمان بە بەشداری چالاکانەی ژنان لەو لێژنەیەدا هەیە. ئەگەر پرێ جار پیاوەکان زیاتر دیارن، لەبەر ئەوەیە کە بەشداری سیاسیی ژنان لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا کەمڕەنگە.
خاتوو سورەیا ، ئێوە چۆن پێناسەی کاریگەرییەکانی بەشداری ژنان لە بوارەکان سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و فەرهەنگی‌و هتد... لە نێو کۆمەڵگادا دەکەن‌و ئەم پرسە چەندە گرینگ دەزانن؟
بەشداریی ژنان لە بوارە سیاسییەکاندا لە سیستەمی دیکتاتۆری‌و زۆرداریدا لەگەڵ سیستەمی دێموکراتیکدا زۆر جیاوازە. لە سیستمی دیکتاتۆریدا، بژاردنی ڕاوو دەنگ بێمانایەو تۆتالیترەکان پێویستیان بە مەشرووعییەت لە نێو میللەتدا نیە، لە حاڵێکدا کە مەشرووعییەتی یەکەم لە شەرتی مانەوەی سیستمی سیاسیی دێموکراتیکە. هەر بۆیە ڕێژە، دەنگ‌و ژمارەی بەشداریی خەڵك زۆر گرینگە. بەو مانایە کە کاتی هەڵبژاردن‌و گۆڕانکاری بۆ سەرۆکایەتی حیزب‌وڕێکخراوێك دەنگی زیاتر سەرکەوتنە. بۆ ئەو دەنگ‌و ژمارانە پێویستیان بە تەواوی کۆمەڵگایە، نە نیوەی کۆمەڵگا. بە پێچەوانە، لە سیستمی دیکتاتۆریدا ژمارەی بەشداریی ئەوان بۆ ڕووخاندن‌و گۆڕانکاری بنەمایی زۆر گرنگە. دیکتاتۆری هۆشیاریش ئەتوانێ لە ژن‌و بەشدار کردنی ئەو کەڵکی گەورە وەرگرێت. وەك تێکشکاندنی ڕێژیمی پێشکەوتووی ئالندە بە بەکارهێنان‌و پارەدان بە ژنانی خۆفرۆش‌و سەرخستنی ڕێژیمی پینۆشە لە شیلی یان سەرکووتکردنی بزووتنەوەی سیاسیی ژنانی ئێران بە دەست ژنانی مەزهەبی چارشێوە بەسەر.
لە بواری کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و کولتوورییەوە من نە تەنیا بە هۆی ئەوەی کە بە سەر ئەم بڕوایەم کە ئەگەر عەرز خڕ (بازنەیی، گرد) نەبوایە، وەزعی جووڵەو فۆنکسیۆنی فیزیکی لە ئەتمۆسفێردا وەك ئێستا نەبوو، ڕێگای کۆمەڵگاش کاتێ کە بەهۆی فۆنکسیۆنی ناتەواویدا لەسەرو لەوێ بوونی ژن هەیە، ئیتر کۆمەڵگایەکی خڕ (بازنەیی) بە فۆنکسیۆنی عەرز لە ئەتمۆسفیەوە نیە، بەڵکوو بەهۆی ئەزموونی وڵاتە پێشکەوتووەکان لە سیستمی ئابووریدا لە بازاڕی کارو ئیشە کە پارەی تێدایە. لە هەر کۆمەڵگایەکدا ژنان زیاتر بەشداریی کارو پارەو دروستکردنن، ئەو کۆمەڵگایە گەشەیەکی زیاتری کردوە، وەك ولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا کە ژنان بە ڕێژەیەکی زۆر لە بازاری ئیش‌و کاردان، وەك وڵاتە ئورووپاییەکان‌و هتد...
دەگەرێینەوە سەر بزاڤ، ئێوە چۆن پێناسەی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی دەکەن. هەروەها سورەیا فەلاح چۆن دەڕوانێتە جیاوازییەکانی نێوان بزاڤێکی کۆمەڵایەتی‌و بزاڤێکی سیاسی؟
بزاڤی کۆمەڵایەتی یان "Social Movement" چەشنێك لە چالاکی‌و کاریگەری کۆمەڵی لەگەڵە. ئەوان کۆمەڵێکی گەورەن لە تاکەکان‌و ڕێکخراوەکان کە لە سەر کێشەیەکی سیاسی یا کۆمەڵایەتیی تایبەت ئاماژە دەکەن. چەشنێك لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژ ئابێتە هۆی فێربوون‌و سیستمی پەروەردە لە سەدەی 19 بەم لاوە پێك هاتووە. ئازادیی قسەو وتار، سیستمی پەروەردەو سەربەخۆیی ئابووری، بەرگری لە خەبات‌و لە ئاکامدا بەرگری لە بزاڤێکی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژئاواو وڵاتە پێشکەوتووەکان کردووە.

بەڵام لە سەدەی ڕابردوودا، بزاڤی کۆمەڵایەتی لە بەرانبەری سیستمی نیشتەجێیی‌و کۆلۆنیالیسمی رۆژئاوایی "Westem Colonialism" پێك هاتووە، وەك مائۆ مائۆ لە وڵاتی کینیا. تیۆریگەلێکی زۆر بە دەستی زانیارانی زانستی سیاسەت‌و زانستی سۆسیۆلۆژی (کۆمەڵناسی) هەیە کە شایانی باسە کەسێکی وەك چالز تیلی.

ئەو کارانەی کە بزاڤی کۆمەڵایەتی دەگێرێت:

1ـ کەمپین‌و هێرش (کە ئەمڕۆ رێگەیەکی ئاشتیخوازانەی هەیە). ئەمە بزاوتێکی بەردەوام، رێکوپێك، کۆمەڵی‌و هەرەوەزیدو داخوازییەکان بەرانبەر بە کاربەدەستانی حکوومەت.

2ـ کۆمەڵی‌و یەکیەتیی کارکەرەکان: وەك چالاکێکی سیاسی، خۆپێشاندان، پتیشن، میتینگ، کۆبوونەوە، هەنگ هەڵپڕین لە میدیاو هتد... .

3ـ بەشداران بۆ پیشاندانی بەنرخ بوون، یەکیەتیی، ژمارە، رێژەو ئەرك خستنە سەرشان یان لە لایەن خۆیانەوە یان کە بە دەستووری بونیادێك بەشداری لە کەمپین دەکەن.

ئەم بزاڤە لە ئامریکاو ئینگلیس دروست کراوە، ئەویش لە دەهەی یەکەمی سەدەی نۆزدە بوو بە دیاردەیەکی جیهانی. بزاڤی کۆمەڵایەتی زۆر باسێکی قووڵ‌و بەنرخەو زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ سیستمی سیاسیی دێموکراتیکدا لە پێوەندیدا بە بزاڤی سیاسی کۆمەڵایەتییە لە سەر کێشەیەکی سیاسی کار دەکات.

بزاڤێکی سیاسی لەوانەیە بە سەر کێشەیەکی سیاسی یا بەشێ لە کێشە سیاسییەکان رێك بخرێ. لە زۆربەی کاتەکاندا پارتێك یان رێکخراوێك رێنوێنیی ئەم بزووتنەوەیە بە دەست دەگرێت. بزاڤێکی سیاسی لە زانستی سیاسەتدا دەبڕینی خەبات‌و هەوڵدانی بەکۆمەڵ لە کۆمەڵگایەکە بۆ گەیشتن بە مافێکی سیاسی یا دۆزینەوەی جێگەی لە دەسەڵاتدا. ئەم بزاڤە ئەتوانێ کە لە هەرێمێکدا بێت‌و ئەتوانێ نەتەوەیی یان نێونەتەوەیی بێت. زۆر جار ئاڵوگۆری دەسەڵات‌و حکوومەتە. وەك بزاڤی مافی مرۆڤایەتی، مافی ژن، بزاڤ بەرانبەر بە شەڕە بۆ ئاشتیی، بزاڤی کرێکاران‌و سۆسیالیستەکان. بەم جۆرەو پاش شیکردنەوەو ناسینی هەر دوو بزاڤ، ئەتوانین بڵێین بزاڤی سیاسی، بزاڤێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بزاڤی کۆمەڵایەتی هەمیشە ناتوانێ بزاڤێکی سیاسی بێت. لە جیهانی دواهێشتراوو وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا، هەر بزاڤێکی کۆمەڵایەتی بە جۆرێك ئەگەرێتەوە بۆ ئیش‌و کارو یاساو سیاسەتی دەسەڵاتداران، بەڵام لە جیهانی پێشکەوتوودا ئەم دوانە زۆر جیاوان.

زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە ژنانی کورد دەبێ لە قۆناغی ئێستای خەباتی نەتەوایەتیدا هەموو هەوڵ‌و تەقەلای خۆیان بۆ ئازادیی نەتەوایەتی‌و رزگاریی گەل بدەن‌و پاش قۆناغی رزگاریی گەلەکەمان، مافەکانیان دەستەبەر دەبێت. ئەم بیرۆکەیە لێدوانێکی زۆری خولقاندوە. ئێوە وەك ژنێکی چالاکی کورد بۆچوونتان لەم بوارەدا چیە؟

لە کوردستاندا هیچ بەڵگەیەك لە بزاڤێکی فێمینیستی بەو مانایە کە لە وڵاتەکانی رۆژئاوادا هەیە، لە بەردەستدا نیە. چەوسانەوەی نەتەوەیی سێبەری بە سەر چەوسانەوەی ژێندەری ناوە. لە ساڵی 1920 بەم لاوە، کورد لە ژێر ژینۆسایدو ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوەیی‌و ڕماندا بووە، بەتایبەت لە تورکیە، ئێران‌و سووریە ئەم کارەساتە لە بەرژەوەندی‌و وشیاری بزاڤی فێمینیستی‌دا نەبووە. ژنان کاتێك دەرفەتی بەشداری لە سیاسەتیان پێ دراوە کە لە ژێر ئالای خەباتی نەتەوایەتی‌دا هەلگیراوو درووستکراو بە دەست پیاوان بن.

زۆر لە رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، بەتایبەت رێکخراوە چینایەتییەکان وەك حیزبە مارکسیستی‌و شیوعیی‌یەکان هەموو چالاکی کار کردنێکیان بۆ ژنان بە ناوی خەباتی چینایەتی‌و خەباتی نەتەوایەتی تا گەیشتن بە سەربەخۆیی دوا خستووە. هەر چییەك هەیە، زیاتر دروستکراوی تیۆری گۆرانخوازە تازەکانە کە بە دەست ژنانی چالاك‌و بەشێك لە پیاوانی خەباتگێڕی مافی مرۆڤ دروست کراوە یا کورد یا ژن؟ باسێك کە جاروبار لە لایەن ئەو رێزدارانەی وا هێشتا رۆڵی گەورەو گرنگی ژن لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا نابینن. ئەوانە ئەو بەشەن وا دیاردەکان رەش یا سپی ئەبینن. یا ئەم یان ئەو شتێکی ناوەراست

نابینن. لەوانەیە ئەگەر گرووپێك نەخۆشێكی كۆمەڵایەتییانە یان نەخۆشێكی جەستەیی كار دەكەن، بەلایەوە گرینگ نەبێت. ئەگەر لە بواری یاساییەوە چاوی لێ بكەین، 1ـ كورد بوون، بەستراو بوون بە نەتەوەییەتیو ناسنامەییەو ژن بوون بەستراو بوون بە جێندەریو ناسنامەی خەستەییە. دوو باس ئەمڕۆ هەیە 1- Kurdish Human Rights, 2- Women Human Rightsواتە مافی مرۆیی كوردو مافی مرۆیی ژن. ئەم دوو یاسایە لە هیچ كوێدا كێشە بۆ یەك ساز ناكەن. ژن نیوەی دیاردە یەكەمەكەیەو ناساندنی مافی ئەو ناساندنی مافی نیوەی دیاردەی یەكەمەكە، كورد بێت. بەڵام چالاكی لە سەر مافی كورد ناتوانێ تەواوی مافی دیاردەی دووهەم كە ژنان بێت، بیناسێنێت. 2ـ لە لایەكی دیكەوە بڕێك كێشەو مەسەلە هەیە كە بە ژنان بەستراوەتەوە. هەڵبەت تەواوی كۆمەڵگا ئاكامو كاریگەریی هەیە. وەك كێشەی خەتەنەی ژنان، منداڵبوونو تەندرووستی ژنان وەك دیاردەی خۆفرۆشیو خۆكوشتنو هتد... .
درێژەی هەیە

sources: http://www.kurdistanmedia.com/kurdi/scl/file/92.php